ڕاپەڕین لە لاواندنەوەو گێڕانەوە بۆ خوێندنەوەو بەرهەم هێنانەوە

ڕاپەڕینی ئاداری (1991) سەرەتایەکی نوێی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کوردستاندا نەخشاندو گۆڕانکارییەکی بابەتیو چلۆنایەتیشی لە ژیانی سیاسیو ئیداری ئێمەدا هێنایە ئاراوە، بەڵام دواتر لەسەر زەمینی جوگرافیای خۆیدا دووچاری چەقێکی کوشندەو خۆ خواردنەوە هات، بەشی زۆری ئەو فاکتەرو هێزانەشی چەپاند کە ئەویان هێنایە بەرهەم.

ئێستا لە کاتێکدا (11) ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێ دەپەڕێت ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دوور لە گێڕانەوەو لاوانەوە، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ بکرێت؟ ئایا بۆچی تاکو ئێستا زۆر لە ئامانجەکانی ڕاپەڕین نەهاتوونەتە دی؟

ڕایەك هەیە پێی وایە ئەوانەی هەوێنی ڕاپەڕین بوون ئێستا وزەی ڕاپەڕینیان لەبەردا نەماوە، ئێستا لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیداین، چۆن دەتوانین روحی زیندوێتی وەبەر ڕاپەڕین بکەینەوە؟ ئەم سێ پرسیارە هەوێن و نێوەڕۆکی، ئەم تەوەرەیەمان دەبێت کە تایبەتە بە ڕاپەڕین.

ئامادەکردنی: هیوا مستەفا

ئەحمەد حامد:

* هەڵبژاردنی پەرلەمان دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ گەلەکەمان

* هەڵوەشاندنەوەی بەرەی کوردستانی هەنگاوێك بوو بۆ دواوە

ئەگەر باس لە ئامانجەکانی ڕاپەڕین بکەین، گەلێك زۆرو فراوانن لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ئەگەر بڕوانینە ئەم بڕە ئامانجەی کە لە بەرنامەی بەرەی کوردستانیدا تۆمار کرابوون، ئەوا لە سەرەتاوە هەنگاوەکان بەرەو ئەوە ئەچوون کە بۆ جێبەجێکردنیان بڕۆین، بەرەی کوردستانی تاڕادەیەك شوێنی کاربەدەستانی رژێمی گرتەوە، بەڵام نەك بە تەواویو بە یەکسانی لە نێوان لایەنەکانی بەرەکەدا، چونکە لە راستیدا پێشبڕکێ بوو کێ دەسکەوتی زیاتر بۆ خۆی مسۆگەر ئەکات، واتە ئەوەندەی هەوڵەکان لە ڕێگەی بەرەی کوردستانیەوە بۆ دەسکەوتی گشتی ئەدرا، دە ئەوەندە لە دەرەوەی بەرەدا بۆ دەسکەوتی تایبەتی ئەدرا.

لە ژێر سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەریّم لە نێوان شوبات تا ئایاری 1992 ئەنجام درا. هەرچەندە هەموو لایەکمان چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنەمان لەبەر چاوە، بەڵام دەسکەوتێکی گرنگ بوو بۆ گەلەکەمان. دوا بە دوای ئەوە حکومەتی هەریّم دامەزرا کە ئەمیش دیسان دەسکەوتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلەکەمان. کەچی هێندەی نەخایاند پشت کرایە بەرەی نیشتمانی کە چەکی بە کاری هێزە شۆڕشگێرەکانی گەلەکەمان بوو. ئەوەبوو هەڵوەشێنرا!!

ئەمەیان وەك بە تاقیکردنەوە دەرکەوت هەنگاوێك بوو بەرەو دواوە لە پێناو بەرژەوەندی حزبایەتی تەسکدا تا ئەوەبوو لە ئاریاری 1994 دا شەڕی ناوخۆی مالوێرانکەری لێ پەیدابوو. کە بووە مایەی سەپاندنی سیاسەتێکی دیکتاتۆریانە لە نێوان هەردوو حزبەکەدا بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بەهەر لایەنێك کە سەر بەو حزبە بوون، واتە دیموکراسیەت کە ئەبوو یەکەم دەسکەوت بوایە بۆ کۆمەڵانی خەڵك تا رادەیەکی ترسناك پێشێل کرا. ئەو حزبانەش کە بێ لایەن بوون و دژی شەڕەکە بوون، زۆر گوشاریان خرایە سەر لە بواری سیاسی و ئابوورییدا.

کوردستان دابەشکرا، پەرلەمان و حکومەتی هەریّم هەڵوەشانەوە، دووبارەکەی و دوژمنایەتی باڵی ڕەشی کێشا بەسەر وڵاتدا، دەرفەت زۆر بوو بۆ دەست وەردان لە کارو بارماندا لە لایەن دراوسێکانەوە، بوار بۆ دوژمنان والابوو بۆ کارو کردەوەی تێکدەرانە، لایەنی ترمان لێ راست کرایەوە داوای بەش ئەکەن!! راستە ئازادی بەری بۆ بەرەلا کرابوو، بەڵام ئازادی نان و خۆراك نەبوو خەڵکی بیخوات، ئەگەر بڕیاری 986 نەبوایە لاشەی لە پرسا مردوان لەسەر شەقامەکان بەڕیز ئەکەوتن.

ئەو کردەوە نادروستانە، کارێکی گەلێ خراپی کردە سەر باوەڕو وەری کۆمەڵانی خەڵك. باوەڕ بە شۆڕش، بە سەرکردەکانی شۆڕش کەم بووەوە، وەری خەڵکی کاتێ لولەی تفەنگەکانمان کردە یەکتری، زۆر دابەزی، هەر ئەو کردەوانە بوونە هۆی سارد کردنەوەی گەلێ کەسانی دڵسۆزی ئەم وڵاتەو خەڵکێکی تری خۆپەرستو هەڵپەرست شوێنی ئەوانیان گرتەوە.. ئێستایش زۆر جار ئەبیستین کە کەسانی پیاو خراپ، ناسراو بە دوژمن جێگەو پێگەی باشیان هاتە دەست، کەسانێکی دڵسۆز، خۆ بەختکەر لەبەر ئەوەی دژی شەڕو دووبەرەکی بوون، وەلانران، پشتیان تێکرا..

شان بە شانی ئەمانە، خەڵکانێك دەوڵەمەندبوون، بوونە مشەخۆر (کۆمپانیاو کۆشك و بازاڕو پارەی زۆر) بەرامبەر بە خەڵکانێکی هەژارو بێکار.چونکە لە بواری بوژاندنەوەی ئابوورییدا، بە تایبەتی (کشتوکاڵو پیشەسازی) شتێکی ئەوتۆ لە بەر چاونییە.

قۆناغی رزگاری نیشتمانی، لە رووی سیاسییەوە ئەرکێکی گرنگ ئەخاتە ئەستۆی هێزە نیشتمانیو نەتەوایەتیو دیموکراسیەکان کە هێزو توانایان یەکبخەنو بەرنامەیەکی سیاسیو ئابوورییو کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاری ئەوتۆ دابڕێژن کە زامن بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە.. من لەو باوەڕەدام بەبێ دامەزراندنی ئەم بەرەیە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە نایەتەدی، چونکە لە لایەکەوە هەر حزبو لایەنێك بۆ خۆی هەوڵ ئەدات و ناکۆکیو ململانێ دروست ئەبێو بەرژەوەندی تایبەتی لە سەرەوە ئەبێ.. ئەرکەکانی ئەم قۆناغە ئەرکی هەمووانە، پێویستی بە کۆمەکو هاوکاری هەمووانە..

لە لایەکی ترەوە، ئەو بەرەیە ئەتوانێ وەرەو باوەڕو گیانی هاوکاریو کۆمەك بێنێتەوە وەبەر جەماوەری گەلەکەماندا، ئەتوانێ دەنگو سەنگی گەلەکەمان لە ناو گەلانو لەلای دۆستانمان بە چاکی بنوێنێو بمانکاتە جێگەی متمانەی ئەوان.. هەر هێزو توانای ئەو بەرەیەش ئەتوانێ وڵاتو دەسکەوتەکانی گەل لە پیلان و دەسیسەی دوژمنان بپارێزێ.

ئەسکەندەر جەلال:

ئەی ئەوە نییە، کۆنە مەفرەزە خاسەو کۆنە ئەمنو جاش و موخابەرات، راوی پیاوی تێکۆشەر دەنێنو لە دادگا داوایان لەسەر تۆمار دەکەن!

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، پێم باشە بۆ ئەوەی نەخزێمە نێو نەیارییەوە. ئەوە بڵێم کە قسەکردن لەسەر ئەنجام پێکان یان نەپێکانی ڕاپەڕین، یان قسەکردن لەسەر بەدەست هاتن یان بە دەست نەهاتنی ئامانجەکانی ڕاپەڕین، هەرگیز مانای ئەوە نیی کە بڕیار لەسەر پەسەندکردنی ڕاپەڕین دراوە.

ڕاپەڕین ئامانجێکی گەلێك زۆری هەبوو، زۆر زێتر لەوەی کە کەسێکی عادی سنورکێشی بۆ بکات، ئەگەر چی ڕاپەڕین بەو شێوەیە سیستمی نەبوو کە لەسەر ڕۆشنایی و بە ئامانجی دەقێکی نوسراودا کرابێت، تا ئەمڕۆ بێین چاو بە مانفێستەکەیدا بخشێنینەوە، بەڵام ڕەتکردنەوەو رامالێینی داگیرکەرو هەوڵی ریشکێش کردنی دوژمن بۆ یەکجاری و هەوڵی بڕینەوەی تۆی بەعس بە یەکجاری لە کوردستان، خۆی لە خۆیدا مانای گۆڕینی ژیانی ژێر دەستەیی بە ژیانێکی زۆر چاکترەو زۆر جوانترو زۆر شەرافەتمەندانەتر.

ئیدی ژیانی چاکترو جوانترو شەرفمەندانەتر سنورێکی زۆری هەیەو پڕە لە ئاواتو لە ئامانجی جوان.

بێگومان بەشێکی ئامانجەکان بەدیهاتوون، شەڕی ناوخۆو بەشێکی زۆری پێ دۆڕاندینەوە، ئەویش ئەوە بەشە زۆرەیە کە جارێکی تر بردنەوەی ئاسان نییە ئەوەیە مرۆڤ توشی ڕەشبینی دەکات.

من ناتوانم ڕێژە دابنێم بۆ ئامانجەکان، بەڵام دەتوانم بڵێم هەندێکی بەدەست هاتوون، بەڵام ئەو هێندە بەشە زۆرە کە نییە، بەس ناکرێ بە بەشە گرنگەکەشی دانەنێین.

لەوەش بترازێ، خۆ هەندێك لە ئامانجی پیرۆزتریشی لە دەست داین.. ئەگەر سەرنج لە هەستی نەتەوەیی و رۆحی سەربەخۆ بدەین، دەبینین بەو شێوەیە نییە کە ئێمە خەونمان پێوە دەبینی.

ئەوەیان ناکرێ بە زیانێکی گەورە نەزانین، ئەگەر کەسێك وەڵامێکی بۆ ئەو وەڵامە هەیە، توخوا با بەلۆژیکی بێتە وەڵام، نەك لەم بەس بێ بازاڕییەی وەتەنیەتدا وەتەنیەتم بەسەردا بفرۆشێ.

بە کورتی ئامانجەکانی ڕاپەڕین بەشێکیان هاتۆتەدی، هەمووی نەء . .

بەڵام دەکرێ هەوڵبدرێ بە شێکی تریشی بهێنرێتەدی، هەندێکیشی بە خۆمان خۆش.

- ئەمەیان پەیوەستە بە دوو هۆکارەوە یەکێکیان وەکو هەموومان لەسەری کۆکین و دەیزانین پەیوەستە بەو شەڕە نەگریسەی کە نەك هەر بەشێکی ئامانجەکانی ڕاپەڕین، بەڵکو بەشێکی زۆری لە حەزو خۆزگە جوانەکان، لە ئاوات و ئامانجە لە مێژینەیەکانمانی بە بادا. . وایکرد رق وکینەو حەیفو مەراقی زۆر کەسی سادە بگاتە ئەوەی بڵێ (خۆزگەم بە کفن دز) "کە نابێ قەت شتی وا بگوترێ، نا لەبەر قودسیەتی حزبە شەڕکەرەکان، بەڵکو لەبەر خوێنرێژی و وەحشیگەری دەسەڵاتی ستەم ڕەفتاری بەعس".

هۆکارەکەی دیکە بۆ ئەوە، دەگەڕێتەوە کە هەوێنی ڕاپەڕین، خەڵکە دڵسۆزو جەربەزەکان، دڵپڕ لە بڕین و بریندارەکان کەوتنە هەڵوێستێکی دوولایەنەوە، لایەنێکی بینییان کێ خزمەتی دوژمنی کردووەو بەشداری لە کورد کوشتن کردووە کەوتۆتە پێشەوە، کە ئەمە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر شعوری تێکڕای خەڵکی دڵسوزو شۆڕشگێر.

لایەنێکی دیکە کە ئەمەشیان هەر گرنگە، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی دنیاو پێشکەوتنەکانی سەردەم و چەقبەستویی کۆمەڵگاو سیستەم و عەقڵیەتی دەسەڵاتی خۆمان.

ئەمەش وایکرد بەشێکی هەرە زۆری ئێمە لە واقیعی خۆمان بێزارینو لێی بترازێین.

بەڵام هۆکاری دیارو زەق هەر زیاتر بۆ ئەو پشتگوێ خستنەی خەڵکی دڵسۆزو تێکۆشەر دەگەڕێتەوە کە لە بەرامبەریدا کەسانی دژە میللەت دێنو دەچنو کار دەبەن بەڕێوە.

ئاخر نازانم چاوەڕێی چیتر بکرێت، ئەی ئەوە نییە، کۆنە مەفرەزە خاسەو کۆنە ئەمنو جاش و موخابەرات، راوی پیاوی تێکۆشەر دەنێو لە دادگا داوای لەسەر تۆمار دەکات و هێڵێکی راستو چەپ بەسەرچی مەبادئی شۆڕشگێڕی هەیە، دادێنێ. .؟!

ئەگەر وامان دانا ئەم مانگەی ئاداره مانگی ڕاپەڕینەو وا ڕاپەڕینی تێدا دەکرێت. دەبێ چی تێدا نادیارو نا ئامادەبێ، لە رۆحی زیندوو پڕجۆش و خرۆش و حەماسەتی تۆڵەو ئامانجو ئاواتی ئازادیو رزگاری بترازێ.

رۆحی ئازادیخوازانەو پڕ حەماسەتو شۆڕشگێڕی وەك ئەوەی لەوێ رۆژێ هەبوو ئەمڕۆ جێگەی چۆڵو خالیە. رۆژانی سرودی (دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین) و (هۆکاکی پێشمەرگەو) و (ئەی شەهیدان) رۆژانی بەرخودانو خۆڕاگریو هێرش بردن بوون، ئێستا تۆ وەرە سەیرکە کوا ئەو جۆش و خرۆشەی. . .؟

کێ هەیە گوێی لەم سرودانە نەبێت، گیانی فرێ نەداتە نێولەپی. .؟ وەرە سەیرکە ئێستا، ئەم سرودانە خۆ لە ئێستگەکان دەستناکەون، لە تۆمارگاکان هەڵگیراون. لە کوێ ماون لە کوێ..؟

برادەرێك دەڵێ پرسیاری ڕاپەڕین لە برادەرێك بکە، پێت دەڵێ (سیحەتت باشە.؟) ئەو هەموو ناشێن بونەی رۆژانی ڕاپەڕین لە چییەوە هاتووە. . ؟

ئەمەیان نازانم کێ هەیە نەڵێ لە رفتاری ئەوانەی دڵیان بۆ ڕاپەڕین لێی نەداوەو خۆیان بۆ نەخستۆتە خەتەر، لە رەفتاری ئەوانەی ئازادییان پێ وەکو پشکۆیەك وابووە نەیانزانیوە چۆن لەسەر دەستانی راگرن.

بەهەر حاڵ ئەگەر لە وەڵامە کە دوورنەکەوتبمەوە، لێرەوە دەڵێم بۆ ئێمە کە لە قۆناغی رزگاری دایەن و دەڵێی بەعەرەبانە کەرویشك دەگرین، تەنها بەوەندە دەتوانین بەشێك (هەموونا) لە زیندوێتی رۆحی ڕاپەڕین، وەبەر خەباتمان بکەینەوە، کە ئاشتی و یەکانگیرییەکی توندوتۆڵ بهێنینە ئارا، لە رێگەی بەرنامەیەکی چڕوپڕدا، ئەو گومانە ئەستورە بڕەوێنینەوە کە هەموومانی داگرتووە، کوردایەتیەکی رەسەن و جوان تێکەڵ بە میتۆدەکانی خوێندن کەین، چاوێك بە سیستەمو شێوەی حوکمڕانیدا بخشێنینەوە، حکومەتێکی بە مانای حکومەت دابمەزرێنین و درێژە بە خەباتێکی ئاشکرا و نەبەردانە بدەینەوە، هەوڵدەین ناوچەو پارچە داگیرکراوەکان بکەینە ئەلقەی خەبات.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم کورد تاکە رێگەیەکی لەپێشە بۆ پەرینەوە لەو قۆناغانەی رزگاری نیشتمانییە، ئەویش تەنها و تەنها رۆحی سەربەخۆخوازانەی کە بەهۆیەوە دەکرێ تەکانێکی باش بە گیانی ڕاپەڕین و لە ڕاپەڕینیش پڕ حەماستر بدرێت.

ڕاپەڕینی ئاداری 1991 وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو

زیاد محەمەد ئەمین

گرنگترین شێواز لە شێوازەکانی شۆڕشی گەلان ڕاپەڕینە، بەڵام پێناسەی ڕاپەڕین چییە؟ چۆن ئەو هێزە مەزنە دروست دەبێت بۆ تێکشکانی زۆردارییەتی؟ ئایا ڕاپەڕین ڕووداوێکی کتوپڕی بێ بەرنامەیەو لە خۆوە دروست بووەو هەروا هەوەسکارانە بە ئاسانی و بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکەی دابەزیوەتەوە ناو مەیدانی پیرۆزترین و راستترین ڕێبازی خەباتی مێژووی مرۆڤایەتی؟!. وەکو لێکدانەوەی هێندێ خەڵکی بێ ئاگا لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانی باشوور لە ئاداری ساڵی (1991)دا. ڕاپەڕینە گەلییەکانی زۆر لێکڕاوان دژی زۆرداران بەرهەمی بیروباوەڕی رێکخراوی شۆڕشگێڕانەی پتەوی نوێخوازن و لە ئەنجامی ناکۆکیەکانی ناو هەناوی کۆمەڵەوەو، ویستەکانی ستەمدیدانەوە سەریان هەڵداوەو زۆرداریان فرێداوەتە ناو پیسخانەی مێژووەو لە دوای پاککردنەوەش نەخشەو رێڕەوی داهاتووی ژیانی نوێی پڕ خۆشی و ئازادییان تێدا دیاری کردووە. دەبێ بەرژەوەندی ئەو کەسانە چی بێ کە لە دژی زۆرداری تێدەکۆشن؟! دەبێ هەر ئارەزووکارانەو خەڵك کوشتن و خۆتووشی گێرەو کێشە کردن و بە کوشتدان بێت! یان خۆ بە لێپرسراو زانین بێت لە بەرابەری و لیستەکانی گەلو مرۆڤایەتی لە دژی ستەمکاران و، بەشداری کردن لە تێکۆشانی رەوتی رەوای بەرەو پێشەوە چوونی مێژوو! وتەی دروستو بۆچوونی زانستانە ئەوەیە نە ڕاپەڕین بەبێ بەرنامەو رێکخستن دروست دەبێت و سەر دەگرێت! نە شۆڕشگێڕیش کەسێکی بەرەلاو بێ بەرنامەو بوودەڵەو سەر لێشێواو، بێ دەسەڵاتە لە بەرابەری رووداوەکاندا، نە دەستە پاچەی چارەسەریەیانەش، بە پێچەوانەوە ڕاپەڕیوان کەسێکن کە بە ئاگاترین خەڵکی نزیکی ناو رووداوەکانن، کە بەچاوی زانستو بیری وردو نوێو گیانی خۆیان، نەخشە دەکێشن و رادەپەڕنو ریشەکێشی زۆرداران دەکەن. بێگومان نە ڕاپەڕینە کەم چەشنەکەی کاوەی باپیرمان، نە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری بەهاری (1991) بێ بەرنامەو لە خۆوە بوون، نەزۆرداریانیش لە خۆیانەوە هەرەسیان هێناوە، بەڵکو بەرهەمی خەباتێکی پێناسە بەرنامەداری رێك و داریژراو بوونو ئەو کەسانەش کە بەهەر بۆچوونێکی دیکە لە ڕاپەڕین بدوێن ئەوە سەدان بەڵگە بەدەستەوەن و بێ خەبەرانیش.. .. ڕاپەڕین لەناو قووڵایی دەریایەك خوێنی پاکی شەهیدانەوە سەری هەڵداوە، حکومەتی هەریّمی کوردستانیش بەرهەمی ئەو دەریا خوێنەو ماندووبوونی ڕاپەڕیوانە، بۆیەش پاراستنی وەفاداریە بۆ ئەو خوێنە پاك و ماندووبوونە بێ وێنەییە، ئەویش بە تەبایی و برایەتی نێوان حزبەکانو ریزەکانی جەماوەر دێتە دی. سەدەی بیستەم لە سەرتاسەری سەرپشتی زەوی سەدەی ڕاپەڕینو رزگاری نەتەوەکانو ئازادی گەلان بوو، سەدەی یەکگرتنی ئازادیخوازانو کۆتایی هاتنی تەمەنی زۆرداران بوو، هەر بۆیەش زۆرداران و چەوسێنەران لە هەموو لایەکی جیهاندا رۆژ لە دوای رۆژ سەریان بەرابەری راستییەکان شۆڕ کرد، دیارە سەدەی بیستو یەکەمیش بە پێی یاسای پێشکەوتن زیاتر لە سەدەکانی پێشوو سەر بە ملهوران دادەنوێنێت.

با هەموو دوژمنانی گەلی کوردیش بزانن کە جولانەوەی رەوای نەتەوەی کورد جولانەوەیەکی رەوایەو لە مێژووی بەرەو پێشەوە چوونی مرۆڤایەتی جودا نییەو رۆژ لە دوای رۆژیش بەرەو پێشتر دەڕواتو دوژمنانی چەوسێنەرەوەی کوردیش وەکو هەموو ملهورانی هاو وێنەیان زبڵدانی مێژوو دوا جێگایانە، ئەگەر بە هیوای گەڕانەوەی رۆژگارەکانی رابردوون، با باش بزانن رەوەرەوەی رۆیشتنی مێژوو ئامێری گەڕانەوەی بۆ دواوەی تێدا نییە.

ڕاپەڕینی کوردانیش لە دژی ملهوران لە بەهاری (1991)دا گەلێك بەرهەمی باشی بۆ کوردان وەدی هێنان وەکو:

1 - هەڵمژینی هەوای ئازادی کە کوردان زۆر بە کەمی بە خۆیانەوە دیتوە، یان هەر نەیاندیتووە.

2 - تێکشکاندنی سامی سامناکی داگیرکارو دروستکردنەوەی کەسایەتی تێکشکاوی کورد.

3 - بەدەرکەوتنی زیرەکی کوردان لە رەخسانی بواردا، وەکو دەرهێنانی نەوتو دروستکردنی پاڵێوگا لەم هەموو بێ دەرامەتیو بێ کەرەستەییەداو گەلێ شتی دیکەش.

4 - دەرچوون لە بازنەی خۆ بەکەمو بچووك زانین.

5 - ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو بووژاندنەوەی بنەما ئابوورییەکان لە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و....

6 - رزگار بوون لە راپێچکردنی کوردان بۆ ئەو شەڕانەی هیچ سوودێکی کورد و مرۆڤایەتییان تێدا نەبوو.

7 - کورد بە جیهان ناساندنو جیهانیش بە کورد.

8 - هێنانە کایەی بڕیارەکانی (688 986) بۆ پارێزگاری کوردانو نەوت بەرابەر بە خۆراك.

9 - بیری فیدراڵیەت بۆ بەڕێوە بردنی بەشەکانی عێراق.

10 - دروستکردنی پەرلەمانو حکومەتی هەریّمی کوردستان.

11 - راهێنانی خەڵکی کورد لەسەر هەڵبژاردنی ئازادانە وەکو ئەنجومەنی شارەوانییەکان.